



زانکۆی سەڵاحەدین -هەولێر
سەنتەری پەروەردەی پێشەنگکاری سەڵاحەدین

# پەروەردەی پێشەنگکاری

**مامۆستای بابەت:**

**م.ی.خیلان أبوبکر ______ م.ی. محمد علی**

٢٠٢٣-٢٠٢٤

پەروەردەی پێشەنگکاری

# مامۆستای پیشەنگکار

## ئامانج



ناساندنی مامۆستای پێشەنگکار بە شێوەیەکی بەرفراوان و گشتگیر

شیکردنەوەی ڕۆل و ئەرکی نوێی مامۆستای پێشەنگکار

ڕوونکردنەوەی گاریگەری مامۆستای پێشەنگکار
لەسەر قوتابی و پەروەردە بە گشتی

شیکارکردنی کاریگەری مامۆستای پێشەنگکار لەسەر تاك و ژینگەی
کارکردن و کاریگەری لەسەر داهێنان لە گشت بوارەکان

پەروەردەی پێشەنگکاری

# لە دەستپێک چەند پرسیارێک



ئایا خولیات هەیە وەکو مامۆستایەك لە داهاتوو ڕۆلت هەبێت لە پەروەردەکردنی پێشەنگکارێك؟

ڕۆلی مامۆستایان چۆن هەلدەسەنگێنی؟ پێویستە چ گۆڕانکاریەك بێتە کایەوە؟بۆچی؟

ئایا مامۆستا لە ڕابردوو یان لە ئێستا ئەرکی قورستر بووە؟ بۆچی؟

ئایا مامۆستاکانت گرفتێکی کۆمەلگەیان باس کردووەو داوای چارسەریان لێتکردووە؟

# رۆل و ئەركی نوێی مامۆستای پیشەنگكار

مامۆستای پێشەنگكار چۆن لە مامۆستایەكی تر جیادەكرێتەوە؟ چ رۆلێك دەگێڕێ؟



ئەرك و بەرپرسیاریەتیەكانی مامۆستای پێشەنگكار چین؟

# پەروەردەی پێشەنگکاری



مامۆستای پێشەنگکار دەبێت خاوەن عەقلیەتێکی پێشەنگکاری بێت و لە نابێت رۆلی تقلیدی بگێڕێ و بابەتی سارد و سڕ پێشکەش بکات و بۆ هەلسەنگاندن تەنها پشت بە وەلامێکی سەرکاغەز ببەستێ.

لە دونیای نوێدا مامۆستای پێشەنگکار رۆلی سەرکردە دەبینێ و هەموو بەرپرسیارییەتیەك دەگرێتە ئەستۆ.


# ڕەوشی داهێنانی وڵاتان و مامۆستای پێشەنگکاری



ڕێکخراوی چاودێری پێشەنگکاری لە ساڵی ٢٠١٢ز ڕاپۆرتێکی لەسەر ڕەوشی پێشەنگکاری و داهێنان و نوێگەری لە سەر ئاستی جیهان بلاوکردەوە، کە وڵاتی ئەمەریکا پلەی یەکەمی گرتووە لەسەر ئاستی جیهان.

پەروەردەی پێشەنگكاری

# رەوشی داهێنان ونوێگەری وڵاتان ساڵی ٢٠١٢



پەروەردەی پێشەنگكاری

# ستراتیژیەتی پرۆگرامی ئامادە كردن و ڕاهێنانی مامۆستای پێشەنگكار

١
ئەوانەی تازە دەبنە مامۆستا

٢
پاڵپشتی نیشتمانی

٣
بەرەو پێش بردنی پیشەیی بەردەوام

٤
پاڵپشتی ناوەخۆیی و قوتابخانە

پەروەردەی پێشەنگکاری

# پێناسەی مامۆستای پێشەنگکار



مامۆستای پێشەنگکار گۆشەو ڕەهەندی زۆری هەیە، بۆیە ناتوانین بە ووردی لە چەمکەکەی بگەین، بەلام لەم پێناسەی خوارەوە دەتوانرێ وێنە گەورەکەی مامۆستای پێشەنگکار ببینرێت.

# گرنگترین پێناسەی مامۆستای پێشەنگکار



مامۆستای پێشەنگکار گۆشەو ڕەهەندی زۆری هەیە بۆیە ناتوانرێت بە ووردی لە چەمکەکەی بگەین،بەلام لەم پێناسانەی خوارەوە دەتوانین وێنە گەورەکەی مامۆستای پێشەنگکار بخەینەروو:

١-برەو دەدات بە زیرەکی قوتابیان و بەکاریان دەهێنێ بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانی کۆمەلگا.

٢- هەولدەدات هۆشیاری قوتابیان بەرز بکاتەوە و برەو بە تواناکانبان دەدات بە شێوەی پراکتیکی.

پەروەردەی پێشەنگکاری

٣-بەرچاوی قوتابی رۆشندەکاتەوە کە ئایا پێویستە چی فێربێت،لەبەرچی فێر بێتو چۆن؟ و کەی؟ و لە کوێ؟ فێربێت،

٤-دروستکردنی عەقلیەتێکی پێشەنگکار کە بە جدی بیر لە داهێنان و نوێگەری و بیرۆکەی جیاواز بکاتەوە.

٥-لەبەر ئەوەی پێشەنگکاری بابەتێکی پەروەردەییە دەبێت بە شێوازی پەروەردەی قوتابییەکان ئاراستە بکرێت بە ئامانجی گۆرانکاری گەورەو گرنگ.


## پەروەردەی پێشەنگکاری

٦-ئەرکی سەرەکی مامۆستای پێشەنگکار بریتیە لەوەی هانی قوتابیان بدات تاکو بیربکەنەوە و بگەڕێن و بەدوای گۆڕانکاری بن و دەرفەتەکان بقۆزنەوە و بیانکەن بە واقیع.

٧-هەولدەدات دەست بۆ هەموو بوارەکان ببات و قوتابی ڕابهێنێت بۆ ئەوەی دەهێنان و نوێگەری لە هەموو بوارێك بکات.

٨-دەیەوێت عەقلیەتێکی پێشەنگکاری وا دروست بکات لە مێشکی قوتابی و پێی بلێ کە قۆناغی کۆتایی و وەستان نییە.

٩-هەولدەدات کە کاری پەروەردەی بکاتە داینەمۆی گۆڕانکاری لە هەموو کەرتەکانی تر.



پەروەردەی پێشەنگکاری

١٠-دەیەوێت قوتابی وا فێر بکات بە عەقلیەتێکی پێشەنگکارانە بیربکاتەوە، هەنگاو بهاوێژێ دەرفەت دروست بکات.

١١-لە هەر وانەیەك بە عەقلیەتێکی پێشەنگکاری قوتابیەکان فێری کارامەییەکانی ژیان دەکات.

١٢-لە شێوازی وانە ووتنەوە و هەموو چالاکیەکانی ناوپۆل و شێوازی هەلسەنگاندن و تاقیکردنەوە لەسەر بنەمای فێرکردنی کۆمەلێك توانست و کارامەیی دیاریکراو دادەڕێژێت.

پەروەردەی پێشەنگکاری



١٣-هـــانی قوتابیـــان دەدات بـــۆ گەران بەدوای دەستنیشـــانکردنی لایەنە لاوازەکـــانی خۆیـــان و بە هێزکردنیـــان، هەروەهـــا پەرەدان بە لایەنە باشەکانیان.

١٤-دەبێ خۆی پێگەیاندبێ و جوان خۆی پەروەردە کردبێت بۆ ئەوەی خاوەن عەقلیەتێك بێت كە بتوانێ پەیامەکان بە جوانی بگەیەنێ و راهێنان بە قوتابیەکان بکات.

١٥-خاوەن فەلسەفەیەکی پەروەردەی قوڵە و کۆمەڵێك ئامانجی درێژ خایەنی هەیە و پێاگری دەکات لەسەر گۆڕانکاری جۆری و بەرفراوان.

پەروەردەی پێشەنگکاری

١٦-بەشی سەرچاوەی مرۆی بەهێز دەکات و بەرزی دەکاتەوە بۆ بەرزترین ئاست.

١٧-لەبەر ئەوە زۆرترین و قورسترین بەرپرسیاریەتی لەسەر شانە بۆیە دەبێت خاوەنی تایبەتمەندی زۆر بەهێز بێت کە توانی راهێنانی کەسانی تری هەبێت.

١٨-کلتور و ژینگەو بایلۆجی بە هۆکاری گرنگ دەزانێت کە کاریگەری لەسەر دروستکردنی عەقلیەتێکی پێشەنگکاری بۆ تاك هەیە.

پەروەردەی پێشەنگکاری

١٩-پێوستی بە ڕێخۆشکردنێکی زۆر پەروەردەییانە هەیە کە چۆن دەست بۆ بابەتەکە ببات و ئاشنایان بە گرنگی و پێویستی ئەم بابەتە بکات.

٢٠- وا لە قوتابیان دەکات پاش بیرکردنەوە کار ئەنجام بدەن و شتەکان تاقی بکەنەوە و لە شکست نەترسن.

٢١-ئەم ژینگەیە دەرەخسێنێ کە ئەم بابەتە داخوازی دەکات.



پەروەردەی پێشەنگکاری

٢٢-دەبێت زۆر وورد بێت لە دانانی پرسیاری تاقیكردنەوە لە هەموو بابەتێك.

٢٣-پەرەدات بە رۆحیەتی كاركردنی بە كۆمەل و پالپشتی یەكتری تاكەكان.

٢٤-جیاوازی تاكایەتی و فرەیی لە قوتابیان دەقۆزێتەوەو بە خالێكی بە هێز و پێویستی دەزانێ.

٢٥-به عەقلیەتێکی پێشەنگكارانە پالپشتی لە هەلسەنگاندنی جێگرەوە(بدیل) دەكات واتا چەندین شێوازی هەلسەنگاندن بەكاردێت ئەمەش ئەو راستیە دەسەلمێنێ کە هەموو کەسێك زیرەکە بەلام لە بوارێك یان چەند بوارێك.

٢٦-ئامانجی لە تاقیکردنەوە و هەلسەنگاندنی قوتابیان برەو پێشبردنی كارامەییەكانی ژیان و بیرکردنەوەی قوول و چارەسەرکردنی گرفت و کورتکردنەوە و پێکەوەبەستنی زانیارییە.

٢٧-زیاتر جەخت لە خالە بەهێزەكانی قوتابیان دەكاتەوە نەك خالە لاوازەكان زەق بكاتەوە.



٢٨-جیاوازە لە مامۆستا تەقلیدیەکان، مامۆستای تقلیدی قوتابی بۆ پیشەیەکی دیاریراو ئامادە دەکات کەچی مامۆستای پێشەنگکار پشت بە داهێنان و نوێگەری و بیرۆکەی جیاواز دەبەستێ و یاسا تپلیدیەکان دەشکێنێ.

٢٩-یەکێك لە ئامانجەکانی کەسێکی پێشەنگکارە کە لە داهاتوو ببێتە خاوەنکاری خۆی.

٣٠-پیویستی بە قوتابخانەیەکی پێشەنگکارە، بە شێوەیەك بەڕێوەبەر و ژینگەی قوتابخانەکان دەبێ پاڵپشتی کار بن بۆ هەر هەنگاوێك مامۆستای پێشەنگکار دەیهاوێژێ.

٣١- کەسێکی عەقل کراوەیە و متمانەی بە خۆی هەیە و توانای خۆ گونجاندنی هەیە و هەست بە بەرپرسیاریەتی دەکات و ەتوانێ تیم بە جوانی بەڕیوە ببیات.



پەروەردەی پێشەنگكاری




# به هیوای سەرکەوتنتان